نێچیرڤان بارزانی و حەیدەر عەبادی جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغداد بە گفتوگۆ دەکەنەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ حەیدەر عەبادی، سەرۆك وەزیرانی پێشووتری عێراقی فیدراڵ و سەرۆکی هاوپێیمانی نەسر، جەختیان لە گرنگی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری سیاسی وڵات و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا بە گفتوگۆ و لێکگەیشتن کردەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی هەرێم لە راگەیێنراوەکدا کە دەستی موتەبع کەوتووە، دەڵێت: نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە دیدارەکدا لەگەڵ حەیدەر عەبادی، سەرۆك وەزیرانی پێشووتری عێراقی فیدراڵ و سەرۆکی هاوپێیمانیی نەسر، دەخی عێراق و هەرێمی کوردستان و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا و هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان تاوتوێ کرد.

هەردوولا جەختیان لە گرنگی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری سیاسی وڵات و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا بە گفتوگۆ و لێکگەیشتن کردەوە، هەروەها دەربارەی داهاتووی پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و بەشداریی هێز و لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی عێراق، بیروڕایان گەیێنەوە.